# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینی مێژوو:
# بیر و بەرنامە بۆ کوردستان

## نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
## لە دەرەوەی وڵات 1984- 1998

### (8) بەرەو مرۆڤی گەردوونیی، بەرەو کۆمەڵگای گەردوونی
### بیرکردنەوەی گەردوونی و جیهانی ئەمڕۆ

لە ژمارە دووی گۆڤاری هەڵوێست(لەندەن) ، ساڵی 1984 بڵاو کراوەتەوە.

بەشی دووەم

بەڵام چون خاکی سەر زەمین، بە تێکڕایی دەبێتە موڵکی گەردوونی ئەگەر ئەو مرۆڤانەی لە خاکی خۆیاندا دەژین هێشتا ئازاد نەبووبن و ، مافی کار کردن و ڕەنجدانی ڕەوایان بۆ پێشخستنی ئاست و باری ژیانیان و بەشداری کردن لەڕێڕەوی پێشکەوتنی شارستانی و گەردونی کردنی جیهاندا نەبێ؟!
چۆن سەر زەمین دەتوانرێ بە موڵکی مرۆڤایەتی بژمێردرێ لە کاتێکدا بە ملیۆنەها مرۆڤ لە ئەفریقا و ئاسیادا هەڕەشی برسێتیی و مەرگ، ژیانی گەمارۆ داون؟!
چۆن مرۆڤ دەتوانێ هەلومەرجی مرۆڤایەتی و گەردوونیی دروست بکا، لەکاتێکدا چارەنووسی مرۆڤایەتی بەدەست کۆمەڵە وڵاتێکی خاوەن بانق و پیشەسازیی چەك و پارەی قورس و سنعەتی قورسەوەبێ؟!
چاوگەکانی هیوا و باوەڕبوون بە پاشە ڕۆژ لەکوێن؟!
ئەمڕۆ، هەموو ڕووداوەکان، هەموو کارەساتەکان، هەموو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرانسەری جیهاندا، ئەوە دەردەخەن، کە هێزی سەرمایە، بۆ پاراستنی خۆی لە گیروگرفتو ناکۆکییە جەوهەرییەکانی، بۆ خۆپاراستن لە مەترسی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی ناوخۆ، بە نیازە، جارێکی تر ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ دواوە بگێڕێتەوە و..... ئیمپریالیزم لە شێوە کۆنەکەیدا، شێوەی (عەسکەری) و دەستدرێژی ڕاستەوخۆ بژێینێتەوە...

ئەوەی ئەمڕۆ ئەو دەورە سەرەکییە دەبینێ ئیمپریالیزمی ئەمریکایە... تاقە قەڵا و دوا قەڵای سەخت، بەڵام درز بردووی ئیمپریالیزم لە مێژوودا.
ئەمڕۆ، هیچ دەوڵەتێك لە دەوڵەتە ئیمپریالیستە کۆنەکان، لە باریاندا نییە، دەوری داگیرکەرانەی کۆنیان بژێیننەوە.... زەمان گۆڕاوە... ئەوانەی سوپا و لەشکری ئیمپریالیزمی بوون، چینی کرێکار لە دەوڵەتانی سەرمایەداری دا و هێزی ڕەش و ڕووتی وڵاتە کۆلۆنییالەکان، ئەمڕۆ ئەوانە هۆشیار و چاوکراوەن... کرێکارێکی بەریتانیا ئامادە نییە ببێتە قوربانی پرۆژەیەکی ئیمپریالی نوێ. تەنیا بوونی (100) سەرباز لە لوبناندا بۆتە هۆی ناڕەزایی و هاوار پێکەوتن.
(ئیدواردبۆند) شانگۆگەریی نووسی ناسراوی ئینگلیزی لە ژمارەیەکی ئەم دواییەی (گاردیان) دا لە ڕۆژی (16 کانونی دووەم) نووسیبووی: ئەو سەردەمە نەما کە کرێکاران وەك مەڕ بۆ قوربانیدان لە پێناوی ڕژێمی سەرمایەداریدا ڕاپیچ بکرێن. بەریتانیا لە فۆکلاند "400" کوژراوی دا، گەر لە جیاتی ئەوە "4000" بوایە، دەوڵەت دەرووخا. ئەم بارە سەبارەت بە دەوڵەتی فەرەنساش ڕاستە، گەرچی ئێستا فەرەنسا بەردەوام دەست لە کاروباری (چاد) و (لوبنان) وەردەدا، دەبینین زۆر بە وریایی و ترسەوە هەڵس و کەوت دەکا.... بە کوشت دانی هەر سەربازێك حسێبی بۆ دەکرێ... هەر خەسارەتێکی گەورە گیروگرفتی ناوخۆیی گەورەیی بەدوادا دێ....
لەلایەکی دیکەشەوە گەلانی جیهانی ئەمڕۆ چاوکراوەن.... بەرەنگار بوونەوەی هێزی دەستدرێژیکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکا و دەوڵەتە دیکتاتۆری و پاشانشینە ڕزیوە بە زۆر سەپاوەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ بەتین تر دەبێ و زیاتر کلپە بڵیسەی شۆڕش بەرز دەبێتەوە.... ئەمڕۆ دیاردەیەکی گرنگ خەریکە لە زۆربەی وڵاتانی سێیەمدا خۆی دەردەخا: ئەویش سەرنەگرتن و پەك کەوتنی دوا هەوڵی ئیمپریالیزم بۆ ژێردەستەکردنی گەلانە بەهۆی هێزی سەربازییەوە.. واتە بەهۆی (سەربازیکردنی) وڵاتانی سێیەمەوە.....
کاتێ ئەمریکا هێزی دەریایی خۆی بۆ لوبنان نارد، (ڕێگان) گوتەنی: بۆ پاراستنی ئاشتی و ڕزیگاریکرنی لوبنان بوو لەوە خەڵکانەی تێیدا دەژین!! چونکە ئەوان (بەربەری) و (تیرۆریستن)... مەشق پێکردنی (سوپای لوبنانی) و بەهێز کردنی لەژێر سەرکردایەتی (کەتایبەکاندا) هیوای (ڕێگان) بوو بۆ مسۆگەر کردنی ڕزگار کردنی لوبنان لە لوبنانیەکان واتە بۆ قڕتێخستنی کۆمەڵانی ڕەش و ڕووتی لوبنان!

بەڵام دیتمان کە چۆن سەربازانی سوپای لوبنانی نەك هەر ئامادە نەبوون ئەم پیلانە ئەهریمەنیانە جێبەجێ بکەن، بەڵکو لە بەرەی میللەتدا وەستان و کوتەکێکی مەرگداریان لە پیلانی ئیمپریالیزم وەشاند.
لە - ئێل سلڤادۆر –یشدا هەمان دیاردە خۆی دەنوێنێ.... لەم دواییەدا، لەگەڵ هیوا بڕان لە سەرگرتنی سیاسەتی ئەمریکا لە ئەمریکای لاتین دا، تەلەفزیۆنەکانی ئەوروپا ناو بەناو وێنەی دەیان سەربازی ئێل سلڤادۆری نیشان دەدەن، کە تەقە لە تفەنگەکانیانەوە نایە و، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی پێشمەرگەکان، خۆیان بەدەستەوە دەدەن.... لە عاستی ئەم ئاڵوگۆڕە مەزندا، کۆمیتەی (کیسنجەر) بڕیاری زیادکردنی یارمەتی سەربازی و دارایی ڕژێمی سەربازیی سلڤادۆری بە ڕێژەی لە صەدا پێنج صەد دا (بەبێ گوێ دانە مافی مرۆڤ)! هەر وەك لەوەپێش گوێ بە مافی مرۆڤ درابێ.
بە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا لە ماوەی چوارساڵی دواییدا زیاتر لە (45000) مەدەنی بە دەستی سەرباز و ئەو دەستە یەمینیانەی کە بە (گرۆی مەرگ) ناسراون، کوژراون...
ئەوەی گومان نییە گەورەترین سەرکەوتنی هێزی مرۆڤایەتی و تێشکان و ڕیسوا بوونی (عەسکەر) سەرکەوتنی مەزنی گەلی ئەرجەنتین بوو... کە خەباتی جەماوەریی و سوور بوون لە سەر (مافی مرۆڤ) و داوا کردنی ئاشکرا کردنی چارەنووسی هەزارەها (وون بوو)، بە مان گرتن و خۆپیشاندان، بە دەرفەت وەرگرتن لە تێشکانی دەوڵەتی سەربازیی لە شەڕی (فۆلکلاند)، توانیان کۆتایی بە حکومەتی (عەسکەر) بهێنن و هەڵبژاردنی دیموکراتی بسەپێنن و دەوڵەتێکی ڕادیکاڵ هەڵبژێرن....
ئێستا چارەنووسی (30000) کوڕ و کچ و پیر و منداڵ، ڕۆژ بە ڕۆژ، لەلایەن کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤەوە، ئاشکرا دەکرێن!! بەڵام چۆن؟ بە هەڵدانەوەی (گۆڕی بە کۆمەڵی).... لە هەندێ گۆڕا کە لە نزیك (بۆینس ئایرس)ی پایتەختدا و شوێنی تردا دۆزرانەوە: زیاتر لە (600) کەس بەیەکەوە نێژراون! ئێستا لاشەکان ئەو کارەساتە دەگێڕنەوە کە لە هەفتاکاندا ڕوویان دا: هەندێ لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراون... هەندێ بە دەست خنکێندراون... هەندێ دەستڕێژی گوللە ناوچەوانیانی هاڕیوە... بەڵام ئەوەتا! جەنەڕاڵ لە دوای جەنەڕاڵ (موحاکەمە) دەکرێ و... هەموو ڕۆژێ تف و نەفرەتی هەزاران دایکی سك سووتاویان بۆ دەچێ... ئەم ئاڵوگۆڕەی (ئەرجەنتین) ترس و لەرزی خستۆتە ناو دڵی هەموو ڕژێمە سەربازییە دکتاتۆریەکانی ئەمریکای لاتینەوە. هەموویان لەسەر هەڵدانی (دیاردەی ئەرجەنتین) ی تۆقیون!
پەرەسەندن و بەتین بوونی هەمووشێوەکانی خەبات لە مانگرتن و خۆپیشاندانی جەماوەرییەوە تا خەباتی چەکداری لە هەموو ئەو وڵاتانەدا

که لەژێر سایەی دیکتاتۆریە عەسکەریەکاندا دەژین، ئەوە دەردەخا کە سیاسەتی ئیمپریالیزمی بەرەو نابووتی یەکجاری دەچێ و سەرکەوتنی گەلان نزیك بۆتەوە. گواتیمالا، ئۆرۆگوای، پیرۆ، فلپین، بەرازیل، چیلی.... هتد، ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە ستراتیژیەتی (عەسکەری کردن) و کپ کردنی شۆڕشی گەلان، بەرەو پەك کەوتنی تەواو دەچێ.

لە عاست ئەم هەڵکەوتە مێژووییەدا، ئیمپریالیزمی ئەمریکا و سیاسەتمەدارە شەیتانەکەی (کیسەنجەر)، گەرچی هەست بە تین و تاری مێژوو دەکەن، لەسەر ئەوە سوورن کە ئەم شاڵاوە ڕاگرن: بەهێز، بە سیاسەتی کوشتن و برین و وێران کردن. کیسنجەر لەم دواییەدا تیۆرەکەی خۆی دووبارە کردووە: تیۆری (دۆمینە): واتە گەر ئەمریکا بهێڵێ شۆڕش لە (سلڤادۆر)، یان هەر دەوڵەتێکی ئەمریکایی لاتین دا سەر بگرێ و ئەو دەوڵەتە بڕۆخێ، ئەوا حکومەتە سەربازییەکانی تریش، یەك بە دوای یەکدا دەروخێن و شۆڕش هەموو لایەك دەگرێتەوە هەتا دەکشێتە ناو ئەمریکا خۆی!! بۆیە دەوڵەتێکی بچووکی وەك (گرەنەیدا) جێگەی مەترسی بوو بۆ ئەمریکا و .... پەلاماردانی سەربازی و گۆڕینی ڕژێمی فەرمانڕەوایی ئەو دوورگە بچوکە، بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەمریکا پێویست بوو!! گاردیان لە ژمارەی 6 ی شوباتی 1984 دا لاپەڕەیەکی تەواوی بۆ شیکردنەوەی دەوری ئەوروپا و مەترسی سیاسەتی هەردوو (سۆپەر پاوەرەکان) یەکیەتی سۆڤێت و ئەمریکا بۆ سەر ئەوروپا تەرخان کردووە.. کاکڵەی لێکۆڵینەوەکەی (گاردیان) ئەوەیە کە لەبەر زۆر هۆی مێژوویی ستراتیژیی و ئابووریی و سیاسیی ئەمرۆ! یەکێتی سۆڤێت و ئەو سیاسەتەی ڕەچاوی کردووە، هەڕەشە لە ئەوروپا و جیهان ناکا وەك سیاسەتی ئەمریکا دەیکا. لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا قسەیەکی (کلۆد چیسۆن) وەزیری دەرەوەی فەرەنسی کە لە ساڵی 1982 دا کردوویەتی دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێ: ئەوروپا و ئەمریکا (تەڵاقدانێکی هێواش) (Slow Divorce) دەست پێ کردووە. نووسەری وتارەکە دەپرسێ:

ئایا دەبێ ئەوروپای ڕۆژئاوا و بەڕاستی بێتە بارمتەی ئەم بەربەرەکانییە بێ مانایە و بەردەوام لەو مەترسییەدا بێ کە لە سەر ڕووی زەمین بسرێتەوە!

گەر (لامان وایە) نابێ وابێ، ئەوە خێرا دەبێ بکەوینە کارکردن. چونکە تەقەڵای زۆر هێواش، لەوانەیە هێندە بکێشێ کە کاتی بەسەر بچێ.

بۆچی ئێستا ئەوروپا بیر لە تەڵاق دەکاتەوە!! هۆکانی ئاشکران. ئەمرۆ ئەمریکا لە ئاستی لەق بوون و مەترسی هەرەسهێنانی ڕژێمە سەربازییەکان و بەهێزبوونی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکان، سیاسەتی دەستدرێژکردنی

عەسکەری ڕاستەوخۆی گرتۆتە بەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەو بنکە فاشستی و ڕەگەزپەرستانە بەکار دێنێ کە تاقە هۆیەکی مانەوەیان سیاسەتی توندوتیژیی و کوشتن و بڕینە.
(ئیسرائیل) لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، (خوارووی ئەفریقا) لە ئەفریقادا، لەم دوایەشدا (هیندۆراس) لە ئەمریکای لاتین دا.... و بەدەیان ڕژێمی نۆکەر و ئالقە لە گوێی دیکەش.
دەستدرێژی سەربازیی گەرچی مەبەستی ڕاستەوخۆی داگیرکردنی ولاتانی ئازادیش نەبێ، وەك لە گرەنەیدا ڕوویدا، مەبەستی ستراتیژی تری هەیە: واتە نەهێشتنی ئاشتی و ئاسایش لەو ولاتانەدا وەکو (نیکاراگوا، مۆزەمبیق، ئەنگۆلا) و وێرانکردنی ڕێگای هاتو و چۆ، بنکەی ئابووری و پیشەسازییەکان و لە ئەنجامدا: ڕێگەگرتن لە پەرە سەندنی ئابووری و سیاسی لەو ولاتانەو دواخستنیان و بلاوکردنەوەی بێ ئیشیی و برسییەتی. تا ناچاریان بکا جارێکی تر پەنا بەرنە بەر ئەمریکا و (مەلتینەشنالەکان) بۆ سوالکردنی یارمەتی و قەرزی خوێناوی!!
ئەگەر هەندێك دەزگای سەرمایەداری ئەوروپا ئەم سیاسەتەیان بە دڵ نییە، لەبەر هیچ هۆیەك و لێکدانەوەیەکی ئینسانی و دیموکراتی نییە، بەلکو دوو هۆی سەرەکی هەیە:
یەکەم: بەربەرەکانی ئابووری لە نێوان ئەوروپا و ئەمریکادا.. دووەم: مەترسی ئەوەی کە ئەم سیاسەتەی ئەمریکا، بەتایبەتی لە هەندێ شوێنی (حساس) دا وەك لوبنان و ڕۆژهەلاتی ناوەند، بگاتە ئاستێك شەڕی جیهانی سێیەم هەلگیرسێنێ. لە کاتی هەلگیرسانی شەڕی جیهانیی، یان هەر لێکدانێکی بەربلاو لە نێوان (خۆراوا) و خۆرهەلات، ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە بەجەنگی (تەقلیدی)، واتە بە بەکارهێنانی هێزی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی نایبەنەوە.... بە ناچاری دەبێ چەکی نیوترۆنی تێدا بە کار بێ...
ئەو کاتەش ئەوروپا دەبێتە شانۆی جەنگێکی ئەتۆمی و لەسەر ڕووی زەمین دەسڕڕێتەوە.
ئەوروپییەکان ئێستا حالی بوون کە ئەمریکا بەڕاستی خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکا.... گەر بۆ ئەو مەبەستەش نەبێ کە بە کردەوە ئەو جەنگە نیوترونییە بەرپا بکرێ، ئەوا بۆ ئەوەی زیاتر ترس بخاتە دلی ئەوروپاوە و تەئسیری سایکۆلۆژیی تێ بکا و زیاتر بیکاتە ژێر دەست و پاشکۆی ئەمریکا.
دەستەی سەرمایەدارەکان، سۆشیال ئیمپریالیستەکانی ئەوروپا لە ئاست ئەم هەڕەشە گەورەی: جەنگی ئەتۆمی یان سەرشۆڕکردن بۆ ئەمریکا، دەیانەوێ سیاسەتێکی تازە بگرنە بەر.. هێشتا بەلایانەوە خراپ نییە کە (خوێنی میللەتان) بڕژێ، وەك تا ئێستا لە جەنگی عێراق و ئێراندا ڕژاوە، بە

مەرجێك ئەو خوێنە كڵپە نەكا و ئاگری شەڕ و مەترسی لە ئەوروپا یان سەرچاوە نەوتییەكان نزیك نەكاتەوە. ئەوان نایانەوێ (نیوجرسی) ئەمریكا بنكەی دروز و موسڵمانەكانی لوبنان بۆردومان بكا و مەترسی هێنانە ناوەوەی سوریا ئەوسا یەكێتی سۆڤێت بۆ ناو ئاگری جەنگەكە و شەڕی جیهانی نزیك كاتەوە.
بەڵام خۆ ئەگەر پیلانی وا دابنرێ كە لوبنانییەكان لە شەڕی خۆ بە خۆدا یەكتر قڕان كەن، بەبێ ئەوەی بە هیچ بەرژەوەندییەكی ئەوروپایی زیان بگەیەنن، ئەوە چش! بەربەرییەكان یەكتر دەخۆن، ئەوروپا چی بكا!
دوو ڕوویی دیموكراسییەتی ئەوروپا و (بانگەشەی مافی ئادەمیزاد) بە تایبەتی لە هەڵوێستی دەوڵەتە ئەوروپیەكاندا بەرامبەر خەباتی گەلی كورد و ئەو تراژیدیایەی بە هۆی سیاسەتی ئیمپریالیستی فەرەنسا و ئینگلتەرا، لە شەڕی یەكەمی جیهانیەوە، بە سەریدا سەپێنراوە، خۆی دەنوێنێ.
ئەوە (60) ساڵ زیاترە (20) ملیۆن كورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندا بە زۆر و فێڵی سیاسەتی ئیمپریالی لە نێوان چوار دەوڵەتی توركیا و عێراق و ئێران و سوریا دا دابەشكراون.
بەمە نەك هەر لە هەموو دەرفەتێكی پێشخستن و پەرەپێدانی باری ژیان و كەڵچەر و زمان و شێوازەكانی شارستانی نوێ بێبەش كراون بەڵكو (كورد بوون) بۆ ئەوان مانای (مردن) دەگەیەنێ. واتە تاقە ڕێگایەك بۆ پاراستنی خاك و هەویێتی نەتەوەیی و زمان و كەڵچەری تایبەتییان ئامادە بوونە بۆ بەرە و ڕوو بوونەوەی مەرگ و جەنگان بۆ ئازادیی!!
بەم جۆرە گەلی كورد بە شێوەیەكی هەمیشەیی جەنگێكی دڕندانەی نامرۆڤانەی بەسەردا سەپێنراوە.....
بەبێ ئەوەی هیچ دروست و یارمەتی دەرێكی ڕاستە و خۆ شك بەرێ، تەنیا بە خوێنی خۆی و قەڵای سەختی چیاكانی و تفەنگی دەستی توانیویەتی بەرامبەر گەورەترین سوپای خاوەن تازەترین و كوشندەترین چەكی ئەم سەردەمە بوەستێ...
بەڵام دیموكراسیەتی ئەوروپا و تەنانەت بە ناو (چەپخوازەكانی) ئەوروپاش، نەك هەر هەوڵیان نەداوە لە واقیعی تراژیدیای كورد تێ بگەن و هەستی پشتگیری بەرامبەر خەباتە ڕەواكەی دەربڕن، بەڵكو بە تەواوی خۆیان لێ گێل كردووە، جا یان كوردیان بە كۆمەڵە چەتەیەكی شاخاوی ناساندووە كە گیر و گرفت و نارەحەتی بۆ (دەوڵەتە مەركەزییەكان) دروست دەكەن، یان هەندێك لەم دواییەدا مەسەلەی كورد بە مەسەلەیەكی پەراوێزی لاوەكی لە قەڵەم دەدەن كە لە چوارچێوەی (مەسەلەی دیموكراتی) هەر یەكێك لەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژین، بۆ خۆی حەل دەبێ!

تاوانی فاشستەکانی تورکیا بەرامبەر گەلی کورد و سوتاندنی بەندیخانەی دیاربەکر لە کانوونی دووەمی ئەمساڵدا و کوشتنی شۆڕشگێڕە کوردەکان، تەنانەت وەك هەواڵێکی بچوکیش لە ڕۆژنامەکاندا بڵاونەکرایەوە.... 300000 گیراوی سیاسیی لە تورکیا ئەوەندە گرنگییەی پێ نادرێ کە بێتە بابەتی سەرووتارێکی ڕۆژنامەکانی سەرمایەداریی....
ئێ، کەوایە ڕووناکی لە کوێدا دەبینین؟
نەك لەم سیاسەتەدا، بەڵکو لە ئاشکرا بوونی ئەو سیاسەتەدا... لە پەردە لە ڕوو هەڵماڵینی ئەم سیاسەتەدا.. لە تەشەنەکردنی هۆشیاری ڕای گشتی لە ئەوروپا.. و لە بەتین بوونی گیروگرفتی ئابووری سەرمایەداریی و زیاد بوونی بێکاریی و دروستبوونی وەزعێکی جیهانی نوێ کە چارەسەرییە کۆنەکان (ئیمپریالیزم و کۆلۆنالیزمی نوێ) بۆ ئە گیر و گرفتە تازانەی دەست نادەن.
بە تاڵانکردنی جیهانی سێیەم و ڕێگرتن لە پەرەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتە ئازاد بووەکان، سەرمایەداریی بۆتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتانە توانای (هێنانە ناوەوە)- استیرادیان- نەمێنێ و ئەمەش کارێکی سەلەبی بکاتە سەر کەل و پەلە پیشەسازییەکانی ڕۆژاوا و بێ بازاڕیان تووش کا و لە ئەنجامدا زۆر کارخانە دابخرێن و بێکاریی زیاتر بێ.
لە نێوان ساڵانی 1980-1984 تاقە بەرهەمی پیشەسازی ڕۆژاوا کە بازاڕی گەرمی هەبووبێ و بووبێتە هۆی ڕاگرتن و بوژاندنەوەی ئابووری: چەك و بابەتی جەنگ بووە...
بازاڕی هەرە مەزنی ئەو چەکەش بێگومان عێراق و ئێران و دەوڵەتۆکەکانی خەلیج بوون... بەهەرحاڵ ئێستا ئەوروپا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێ یان لەگەڵ وەزعی جیهانی نوێدا ڕابێ: واتە ڕێزگرتنی خواستی گەلان بۆ ئازاد بوون و دابینکردنی ئاشتی و دیموکراسی لە جیهاندا و دروستکردنی نیزامێکی ئابووری جیهانی نوێ، یان دەبێ لەسەر سیاسەتی ئیمپریالیزمی بەردەوام بێ و بەرە بەرە خۆشی ببێتە (کۆلۆنی) یەکی زەلیلی ئەمریکا و لە پیلانەکەیدا بۆ دەسبەسەراگرتنی جیهان بەشدار بێ، تەنانەت تا ئاستی بەرپا کردنی جەنگی نێوترۆنیش....
لە کاتێکدا (چەپی) ئەوروپی زیاتر بەرەو هەڵبژاردنی یەکەم دەچێ، هێزە یەمینییە کۆنەپەرستەکان لە سەر ئیختیاری دووەم سوورن.
ژیاندنەوەی فاشیزم و نازییەت و ڕەگەزپەرستی بە چارەسەری سەرەکی گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵییەکان دازانن... گەرچی ئێستا کارەساتەکانی جیهان لە (هێڵی سوور) نزیك دەبنەوە، تا ماوەیەکی دیش دەوڵەتەکانی سەرمایەداری دەتوانن بەبێ باکی بڕواننە شەڕی (جەنگەڵ- شێوەی) نێوان

ئێران و عێراق... داخۆ ئەو دوو وڵاتە تا چ ڕادەیەك یەكتر دەكەنە كاولگە و داخۆ نیو ملیۆن سەربازی ئێرانی و سەدان هەزار سەربازی عێراقی تا چ ڕاددەیەك قڕان دەخەنە ناو ڕیزەكانی یەكترییەوە.

بڵێی جیهانی سەرمایەداری ئەمە بە (بەخت) بژمێرێ.. یان دەمێك بێ نەخشەی بۆ كێشا بێ؟.

هەرچییەكیان بێ: لەم سەردەمەدا كە گەلی بەریتانیا ئامادە نیە (100) كەس لە لوبنان بكاتە قوربانی، شتێكی خراپ نیە كە دوو ملیۆن ڕەش و ڕووتی ئێرانی و نیو ملیون گەنجی عێراق، بەبێ ئەوەی هاوارێكی نارەزایی بەرز بێتەوە، ئامادە بن لە پێناوی عەقڵیەتی ڕزیوو دواكەوتووی سەدەكانی ناوەند و سەدەی جاهلیەتەدا خۆیان لە پێناوی (بەهەشتی) شۆڤێنیزمی فارسدا یان لە پێناوی (قادسیە)ی شۆڤێنیزمی عەرەبدا، بكەنە قوربانی!! و بەمە بازاڕی چەك گەرم كەن و شەیتانی گەورە و بچوك خەنی بكەن.

باوبوونی عەقڵیەتی جەنگەڵ و ڕەگوڕیشەی قووڵی كۆمەڵگای جەنگەڵ لە ناو مێشكی كەسان و گرۆیانی جیهانی سێیەم، بەتایبەتی لە ناو مێشكی هەندێ لە بەناو- ڕووناكبیردا، لەوەدا خۆی دەردەبڕێ كە هێشتا (پێشكەوتنخوازیی) و ڕاستیی و مەزنیی ڕژێمێك بە ژمارەی ئە گەنج و لاوە خێر لە ژیان نەدیوانە دەپێورێ كە ئەو (ڕژێمە) بۆ دروشم و خەیاڵپارێزیی خۆی دەیانكاتە قوربانی!! یان وا لێكدەدرێتەوە كە مەزنیی و هاوسەردەمێتیی و زیندوێتی (ئیسلام) لەوەدایە كە هەزاران وەك مەڕوماڵات بكاتە قوربانی بادەی (شهادەت)...

فەلسەفەی كۆمەڵگای گەردوونی لە پێش هەموو شتێكدا ئەم بیرە گەندەڵ و پووچەڵە دەداتە دواوە.

نرخ و بایەخی ئینسانیی و شارستانیی و كۆمەڵایەتی هەر ڕژێم و نیزامێكی كۆمەڵایەتی لەوەدایە كە تا چ ئاستێك: ڕێزی ژیانی مرۆڤ دەگرێ، نەك ژیانی مرۆڤ لە وڵاتەكەی خۆیدا بەڵكو لە هەموو شوێنێكی ئەم دونیایەدا.

لێرەدا دیسانەوە دوو ڕوویی دەوڵەتە بەناو دیموكراتییەكانمان بۆ ئاشكرا دەبێتەوە، كە لەبەر (ڕای گشتی) ناتوانن هاونیشتمانیانی خۆیان بە كوشت بدەن، بەڵام باكیان نییە گەر سەدان هەزار لە گەلانی جیهانی سێیەم بە فەتارە بچن و بۆ ئەم مەبەستە هەمیشە بازاڕی پیلان نانەوە و چەك فرۆشتنیان گەرمە.

ڕێزگرتنی ژیانی مرۆڤ و باوەڕ بوون بە مافی مرۆڤ: دەتوانرێ بكرێ بە بنەمایەكی گەورە بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگای گەردوونی. چوارچێوەی چەسپاندن و كارپێكردنی ئەم سەرەتا بنەڕەتییەش ئێستا لە ئارادایە، واتە

(کۆمەڵی نەتەوە یەگرتووکان) ئەو دەزگایە یە کە دەتوانێ ئەم باوەڕە بخاتە کار...

کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتووەکان ئەو چوارچێوەیە کە دەتوانرێ بیرەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی گەردوونی تێدا بخرێتە کار، لە چوارچێوەی کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتوەکاندا دەتوانرێ باسی مرۆڤ بکرێ وەك مرۆڤ بەگشتی، وەك مرۆڤی گەردوونی، نەك وەك مرۆڤی ئەمریکایی، یا ئەورووپیی یا سۆڤێتی، یا مرۆڤی جیهانی سێیەم.. لەم چوارچیوەدا مرۆڤ دەتوانێ بەرەو ڕووی ڕاستی بێتەوە، ڕاستی لەگەڵ خۆیدا... لەگەڵ ویژدانی مرۆڤایەتیدا.. لەگەڵ مێژوودا...

دەستووری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو ئەو سەرەتا و بنەڕەتە ئینسانییانەی تێدان کە بۆ مرۆڤ دەلوێنن لە پاشماوەی جەنگەڵ دەرباز بێ و کەرامەت و گەوهەری مرۆڤانەی خۆی بپارێزێ و ڕەنج و تەقەلای خۆی بۆ پێکهێنانی جیهانێکی گەردوونیی بخاتە کار. لە چوارچێوەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانیدا، دەتوانرێ باوەڕی (سەرزەمین نیشتمانی مرۆڤە) بچەسپێنێ و دەوری (سەلبی) سنوورە (جەنگەڵییەکان) نەهێشترێ.

بەڵام، دیارە، بۆ ئەوەی (ک - ن - ی) بتوانێ ئەرکەکانی خۆی بەدی بێنێ، دەبێ لە پێشەوە ئەو کۆمەڵە بوونی خۆی هەویتی خۆی وەك کۆمەڵێکی گەردوونی بسەلمێنێ. دەبێ لە سەر بنچینەی دیموکراسیەتێکی گەردوونی بڕیارەکانی دارێژێ و ئەنجامیان بدا بەبێ دەسبەسەراگرتن و زێدە دەسەڵاتی هیچ وڵاتێکی گەورە.

دەبێ هەموو وڵاتەکانی جیهان، بەتایبەتی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و ئەوانەی خۆیان بە جیهانی ئازاد و دیمۆکراسی دەزانن، باوەڕ بەو ڕاستیە بێنن کە چوارچێوەی ڕاستەقینەی پراوەکردنی دیمۆکراسی لە ئاستی جیهانیدا و ڕێزگرتنی ژیانی مرۆڤ و مافی مرۆڤ: کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتوەکانە.

ئەوەی کە ڕاستی و ناڕاستی ئینسانییەت و دیمۆکراسییەکی هەر ڕژێمێك لە دونیادا، لە ئاستی جیهانیدا، تاقی دەکاتەوە ڕادەی ڕێزگرتنیەتی لە باوەڕی دیموکراسی لە چوارچێوەی کۆمەڵی نەتەوە یەککگرتوەکاندا و خۆبەستنەوە بە بڕیارەکانی.

گەر ئەم مەرجە سەرەکییە پێك هات، قۆناغی دووەم ئەوەیە کە کۆمەڵەی نەتەوە یەککگرتوەکان تەنیا ئەنجومەنێك نەبێ بۆ وتوو و وێژ و بڕیار دەرکردن، بەبێ ئەوەی ئەو بڕیارانە بەکار بخرێن و جێبەجێ بکرێن.

بەڵکو بەڕاستی دەزگایەکی گەردوونی بێ بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە هەموو ئاستێکدا.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە مرۆڤ بە تەواوی لە میراتی جەنگەڵ ڕزگار بێ و هەنگاوی گورج بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگای گەردوونی هەڵبگرێ.

ئەگەر هەموو ئەوانەی بە تەنگ مافی مرۆڤ و ئازادیی و دیموکراسییەوە دێن بیانەوێ ئەم گوازتنەوەیە لە ڕێگای خوێنڕشتن و توندوتیژییەوە بەدی نەیە، دەبێ خۆیان لە دووڕوویی و خۆپەرستی دەرباز بکەن و چوارچێوەی چالاکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە چوارچێوەی بەربلاو و گەردوونی پراوەی دیموکراسی بزانن و بۆ پتەوکردنی ئەو کۆمەڵە و بوونی بە دەزگایەکی دەربڕی خواستی مرۆڤایەتی و جێبەجێکردنی ئەرك و بڕیارەکانی خەبات بکەن. پێویستە ڕای گشتی دیموکراتی و هەڵگرانی دروشمی مافی مرۆڤ لە هەر دەوڵەتێکدا بە گەرمی خەبات بکەن تا ئەو دەوڵەتە ناچار بکەن خۆی بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەستیتەوە و لە چوارچێوەی یاساکانی و دەستووریدا گیروگرفتی جیهانی چارەسەرکا.

ڕێز گرتنی ژیانی مرۆڤ و پاراستنی مافی مرۆڤ یەکەم بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی گەردوونییە.

(ك-ن-ی) ئەو دەزگایەیە کە پێویستە لە ڕێگای زۆر چالاکی هەمە لایەن و جیاوازەوە ئەم بناغەیە بچەسێنێ...

هەلومەرجی پاراستنی ژیانی مرۆڤ: بڵاوبوونەوەی ئاشتی و نەمانی شەڕە.. بەڵام ئاشتیش بەبێ ئازادبوونی گەلان و زامنکردنی مافی چارەنووسیان بە دەستی خۆیان و نەهێشتنی هەڕەشەی هێزی سەرمایە و جەنگەڵ، بەدی نایە. بۆیە ئەرکی مێژوویی سەرشانی (ك-ن-ی) ە کە ئەم سەرەتایە لە قسەی ڕووتی سەر کاغەزەوە بگۆڕێ بە کرداری ئینسانی لێپسراو.. پێویستە هەموو دەوڵەتانی جیهان هەموو جۆرە پەیوەندییەکی ئابووری و سیاسی و کەلتووری لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە داببڕن کە لە یاساکانی (ك-ن-ی) دەردەچن. هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق بۆ نموونە، بڕیارەکانی (جنێف) یان سەبارەت بە ڕەفتار کردنی مرۆڤانە لەگەڵ گیراوانی جەنگ و پاراستنی مەدەنییەکان لە شەڕدا، ئیمزا کردووە.. عێراق لە ساڵی 1956 دا و ئێران لە ساڵی 1957 دا.

بەڵام هەردوو دەوڵەت (عێراق هەر لە سەرەتاوە و ، ئێران دژی کوردەکانی ئێران و لەم دواییەشدا دژی شوێنە مەدەنییەکانی عێراق) ئەم بڕیارەیان داوەتە ژێر پێوە.. ( کۆمیتەی سەلیبی سووری جیهانی) بۆ جاری دووەم بانگەوازێکی بەسەر ئەو (153 ) دەوڵەتەدا دابەش کرد کە بڕیارەکانی (جنێف) یان ئیمزا کردووە، داوا دەکا: ئێران و عێراق ڕێزی ژیانی

مەدەنییەکان بگرن، بەڵام لە بانگەواز زیاتر هیچی تر نا. ئەم بانگەوازەش ئەو گوێیانە نایبیستن کە بە ئاوازی جەنگەڵ ڕاهاتوون: خوێن ڕژان و سەرمایە خڕبوونەوە! ئێستە ئاشکرایە کە لە کاتێکدا جەنگی چوار ساڵەی ئێران و عێراق دەچێتە قۆناغێکی گەورەی پڕ مەترسییەوە، قوربانی زۆر گەورەتر و وێرانییەکی بێ هاوتای شوێنە مەدەنییەکان، چاوەڕوان دەکرێ.
بەڵام داخۆ (ك- ن- ی) چی دەکا؟
داخۆ ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بە دیموکراسی و پارێزەری مافی مرۆڤ لە قەڵەم دەدەن، لە فرۆشتنی چەك دەکەون؟ داخۆ پشتگیری ( ك- ن- ی) دەکەن، ئەم ڕوباری خوێن ڕژانە ڕاگرێ؟ داخۆ بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن رژێمی فاشستی عێراقەوە، چ هەنگاوێك هەڵدەگرێ؟ تا هێزەکانی جەنگەڵ و خواکانی سەرمایە، دەست بەسەر کاروباری (ك- ن- ی) و چارەنووسی گەلاندا بگرن: هیچ هەنگاوێکی ئینسانیی ئاشتیپارێزەرانەی لەم چەشنە ڕەچاو ناکرێ. بە پێچەوانەوە ( وەك سیاسەتی پنتاگۆن دەری دەخا) کوشتن و برین و ژێر دەست کردنی گەلان، بە پاراستنی ئاشتیی و ئازادیی و مافی مرۆڤ دەژمێرێ.
بەڵام ئەم ڕوبارە خوێنە گەیشتۆتە ئاستێك کە، ئەگەر سنووری بۆ دانەنرێ ، هەموو دنیا بگرێتەوە.. ئێستاش لەوە دەرچوە کە ئەو سنوورە بە شێوەیەك دابنرێ، وەك لە دوای جەنگی دووەمەوە باوە کە تەنیا گەلانی جیهانی سێیەم ببنە قۆچی قوربانی و خوێنی ئەوان ببێتە مایەی قازانج بۆ هێزەکانی سەرمایە و بازاڕ. کاتی ئەوە هاتوە کە نەك تەنها ( دەوڵەتە گەورەکان) بەڵکو هەموو گەلانی دنیا، گەورە و بچوك، لە چارەسەرکردنی گیرو گرفت و ناکۆکییەکانی جیهانیەکاندا بەشداربن.
چوارچێوەی ئایدیالی ئەو بەشداربوونەش: (ك- ن- ی) ە .... لەو چوارچێوەدا پرۆژەکانی چارەسەری مەسەلەکانی جیهان (چ سیاسیی ، چ ئابووریی ، چ کەلتووریی) دەرفەتی سەرکەوتنی تەواویان هەیە. سەرنەکەوتنی (هێزی سەربازی) ئەمریکا و دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان لە لوبناندا (کە بە ناوی پاراستنی ئاشتییەوە لەوێ بوون) جارێکی تر ئەو ڕاستییە دەردەخا کە ڕێبازی هۆشمەندانە و ئینسانیانەی چارەسەرکردنی هەر مەسەلەیەك لە ( ك- ن- ی) ە وە دەست پێ دەکا. بۆیە فەرەنسا و بەریتانیا و لایەنەکانی تریش ناچار بوون پەنا بەرنەوە بەر ئەم کۆمەڵەیە.. بەڵام گومانی نییە کە هێزەکانی سەرمایە و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا، لە پێناوی سیاسەتی جەنگەڵی دەست گرتن بەسەر جیهاندا، ڕێگا نادەن – گەر بتوانن – هێزی ئینسانی و گەردوونی مرۆڤ ، وەك لە ( ك- ن- ی) دا خۆی دەردەبڕێ، سەرکەوتن بەدەست بێنێ... بەڵام وەنەبێ بتوانن لەم کارەشدا

سەرفرازبن. بڕیاری ئەم دواییەی کشانەوەی ئەمریکا لە (یۆنیسکۆ) باشترین بەڵگەی پەرەسەندنی ئەم ناکۆکییە گەورەی نێوان هێزی جەنگەڵ و هێزی گەردوونی مرۆڤە.

دووای ئەوەی ئەمریکا نەیتوانی خواستی خۆی بەسەر ئەم دەزگا ڕووناکبیرییە نێو – نەتەوەیی یەدا بسەپێنێ، بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە جەنگەڵەکانی خۆی بەکاری بێنێ، بە ناچاری بڕیاری دا لێی بکشێتەوە و یارمەتی ساڵانەی (500 ملیۆن دۆلار) بوەستێنێ. لە ئاگادارنامەی خۆکشانەوەکەدا نووسراوە. ( بەردەوامبوونی بەشدار بوون لە یۆنیسکۆ دا، خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناکا) . ڕۆژنامە نووسی ناسراوی جیهانی سێیەم سەرەك نووسەری گۆڤاری ( ساوث South) ئەلتاف گەوهەر لە سەروتارێکی ژمارەی شوباتی 1984 ی ئەو گۆڤارەدا دەربارەی ئەم بڕیارەی ئەمریکا نووسیویەتی :

(یونیسکۆ بۆ ئەوە درووست نەبووە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا یان هیچ دەوڵەتێکی تر بکا. یۆنیسکۆ بۆ بنیاتنانی پاراستنی ئاشتی و لابردنی (گومان و بێباوەڕیی لە نێوان گەلانی جیهاندا دامەزراوە). ئەگەر هەر یەك لە ( 162) ئەندامی یۆنسکۆ بڕیاری ئەوە بدەن ئەو دەزگایە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان بەکار بێنن، ئەوسا هەوڵدان بۆ هاوکاری نێو – نەتەوەیی ( ئینتەرناسیۆنالی) دەبێتە شتێکی بێ مانا... بەڵام ڕاستییەکەی ئێستا ئەمە ڕوودەدا.... ئەمریکا سەیر دەکا ئەو دەزگایەی یەکێتی نەتەوەکان کە بە ( 40) ، ئەندام دەستی پێ کرد، ئێستا ( 162) نەتەوەی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵاتی تید ئەندامە هەر یەك لەوانە بۆی هەیە ڕای خۆی دەربڕێ . ئاگادارنامەی خۆکیشانەوەکە دەڵێ: (( ئێمە قەناعەتمان هەیە دەتوانین ڕێبازی تر بۆ پەرەپێدانی هاوکاری پەروەردەیی و زانستی و کەلتووری ، بەشێوەیەکی کاریگەرتر لەسەر بنچینەی پەیوەندی دوو – لایی بدۆزینەوە))

واتە لە کاتێکدا ئەمریکا باوەڕی بە ئامانجەکانی یۆنسکۆ هەیە دەیەوی ئەو ئامانجە بۆ بەرژەوەندی خۆی لەسەر بناغەی پەیوەندی دوو– لایی نەك هاوکاری ئینتەرناسیونالی بەکاربێنێ... لە کۆتایی سەروتارەکەیدا (ئەلتاف گەوهەر) ئەوە پێشنیاز دەکا ، کە نەهێڵرێ خۆکشانەوەی ئەمریکا و ئەو ڕێکخراوە نێو –نەتەوەیی یە گرنگە پەك بخاو دەڵێ:

( لە کیس چوونی 500 ملیۆن دۆلاری ساڵانە نرخێکی ئەوەندە گەورە نییە کە گەلان لە پێناو ئینتەرناسیونالیزم دا بیدەن... کۆمەڵە وڵاتێك چین ، ئەندەنووسیا ، ئێران ، کوەیت ، بێ ئەوەی بەرەی سۆشیالیست ناو ببەین دەتوانن ئەو پارەیە بەبێ زەحمەت پەیدا بکەن... لەم ماوەیەشدا پێویستە

گەلانی جیهانی سێیەم فریوی قبوڵ کردنی هیچ پرۆژەیەکی هاوبەشی بە پارەی ئەمریکا پێکهێنراو کە جێگەی پرۆگرامی یۆنسکۆ بگرێتەوە ، نەخۆن ) ( South ژمارەی شوباتی 1984) دا.

هەر لەمەڕ ئەم باسە ، ( دیلیپ یادگاونکار) ڕۆژنامەنووسێکی جیهانی سێیەم لە یۆنسکۆدا دەنووسی:

( بە پێی دەستورەکەی ، یۆنسکۆ بۆ مەبەستی ئاشتی دامەزراوە و ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە پاراستنی ئاشتی لە مێشکی کەساندا درووست کا بە پێشخستن و هاوکاری لە بواری تایبەتیدا..... دەستورەکەی ئەو ئاگادارکردنەوەمان دەخاتە بەردەم کە ئاشتی بۆ ئەوەی ناسەرکەوتوو نەبێ دەبێ لەسەر بناغەی هاوکاری و ئەخلایی و ڕووناکبیریی مرۆڤایەتیی دابمەزرێ.. بۆیە یۆنسکۆ لە دوای شەڕی جیهانی دووەم گرنگی هەبوو – و ئێستاش بەلامانەوە گرنگە) ( گاردیان 10 ی شوباتی 1984)

لەم ووتانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تاقبوونەوەی ئەمریکا لە بڕیاری خۆکێشانەوەیدا و پشتیوانی لێنەکرانی ئەو بڕیارە تەنانەت لە لایەن ئەو دەوڵەتانەشەوە کە زۆر لە سیاسەتی ئەمریکا نزیکن وەك بەریتانیا و ئەڵمانیای ڕۆژاوا، بەهێزبوون و پتەوبوونی ڕێڕەوی هێزی گەردوونی مرۆڤ و ئاشکرابوونی سیاسەتی جەنگەڵییانەی هێزی سەرمایە دەردەبڕێ.

دیارە پاراستنی ئاشتی و ڕێزگرتنی ژیانی مرۆڤ تەنها بە وەستانی شەڕو دەستدرێژی بەدی نایە. لابردنی هەڕەشەی برسییەتی و نەخۆشی و کارەساتەکانی سروشت و نەخوێندەواری و ئاوارەیی.. ئەو پێداویستییە سەرەکیانەن ، کە دەتوانرێ زۆر بە ئاسانی لە چوارچێوەی ڕێکخستنی پرۆژەی گەردوونی دا ، بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگای گەردوونی ، ئەنجام بدرێ.

جارێکی تر دەبینین لەم بوارەشدا ، ( ك- ن- ی) دەتوانێ دەوری سەرەکیی و ڕابەرانە ببینێ. ئێمە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەین کە هەموو بانکەکانی دنیا بکەونە ژێر دەسەڵاتی ڕێکخراو و دەزگا ئابوورییەکانی ( ك- ن- ی) ە وە و لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوە ببردرێن و بۆ پارەدارکردنی (تمويل) هەزاران پرۆژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پەرەسەندنی وڵاتە دواکەوتوەکان و پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان دەوڵەتە ساواکان و دەوڵەتە پەرە سەندووەکان، تەرخان بکرێن. ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر مرۆڤایەتی پێویستی بە نیزامێکی ئابووری نێو – نەتەوەیی نوێ هەیە . لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە پرۆژەی پەرە سەندنی ئابوورییە ، لە دەیان وڵاتی ئاسیا و ئەفریقیادا کە تێیاندا برسێتی هەر ساڵ هەزاران منداڵ دەدرویێتەوە. تا ئێستا هەر یارمەتییەکی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم تەنها بۆ قازانج بەدەست هێنان و بۆ ڕاگرتنی پەرەسەندنی پیشەسازی خێرای ئەو

ولاتانه بوه. له برى هەر دۆلارێك يارمەتى ، (چوار دۆلار) چۆتە گيرفانى سەرمايەدارەكانەوە... لاپەڕەى ( جيهانى سێيەم) له ( گارديان) پەردەى لەسەر ڕووى ئەو ڕاستيە هەڵماڵى كە تەنانەت ئەو يارمەتييەى له شێوەى خواردنيشدا بۆ ئەو ولاتانه دەنێردرێ كه برسيەتيان تێدا بلاوبۆتەوە، بە جۆرێك دەكرێ كه ئيش كردن له بوارى كشت و كاڵدا و پەرەسەندنى ئابوورى ئەو ولاتانه دوا دەخا. بە پێى ئەو لێكۆڵينەوەى كە دوو فەرەنسى و بەلچيكيەك كردويانە ئەو ئەنجامە دراوە بە دەستەوە كه ( يارمەتى خواردن جيهانى سێيەم برسى تر دەكاو دەوڵەمەندە بەخشندەكان دەوڵەمەندتر دەكا) . لێكۆڵەرەوەكان لەو باوەڕەدان كه ( خەڵكى جيهانى سێيەم دەتوانرێ له لايەن جوتيارەكانى خۆيانەوە خواردنيان بۆ بەرهەم بهێنرێ... دەبێ يارمەتى بدرێن ئەو ئەركە ئەنجام بدەن ، نەك ڕێگايان لێ بگيرێ)...

( بڕوانه گارديان – 27 كانوونى دووەم 1984)

سروشتى ئەو قەرزانەى (صندوقى پارەى جيهان I. M. F) ش بەولاتانى جيهانى دەدا ئاشكران ، ئێستا دەوڵەتێكى (سناعى) گەورەى وەك (بەرازيل) له ژێر قورسايى قازانجى ئەو قەرزانەدا دەناڵێنێ... هەموو ڕۆژێ دەبێ(500) مليۆن دۆلار تەنيا پارەى قازانج لەسەر قەرزەكانى بداتەوە.. واتە ئێستا ناچار بووە قەرزى تر بكا تا ( قازانج) لەسەر قەرزەكانى پێشووى بداتەوە، نەك قەرزەكان خۆيان ، جگە لەوەش ( I. M. F) ئەو قەرزانە بەكار دێنێ بۆ سەپاندنى مەرجى ئابووريى و دەستنيشانكردنى جۆرى بەكارهێنانى قەرزەكان. يەكێك لەو مەرجە ناوبانگ – خراپانەى داى دەنێ ئەوەيە ئەو دەوڵەتانە يارمەتى دەوڵەت له كەرەسە سەرەكييەكانى ژيان ( وەك : نان ، شەكر ، چا ، ڕۆن . هتد ) ببڕن. بەلام هەوڵدان بۆ جێبەجێكردنى ئەم مەرجە جەنگەڵيیانە له هەموو شوێنێك تووڕەيى جەماوەرى ڕەش و ڕووت و خۆپيشاندان و ڕاپەڕينى درووست كردووە.

وەكو پار كه له بەرازيل ڕوويدا له سەرەتاى ئەمساڵيشدا له (تونس) و ( مەغريب) دا . ئەم دوو دەوڵەتە دوايى ناچار بوون – دواى كوژرانى زياتر له ( 20 كەس لەم دوو ولاتەدا – له بڕيارەكانيان پاشگەز ببنەوە و نرخى خواردەمەنييەكان وەك پێشوو لێ بكەنەوە.

بە كورتى سياسەت و بيركردنەوەى جەنگەڵيیانە، لەو ئەنجامەدا خۆى دەبينێتەوە : كه ئەو پارووە نانەى هەژارانى جيهان دەيخۆن، دەبێ يا پاروويەكى خوێناوى بى يان له برساندا بمرن. ئەگەر، ئەو هۆشياريە سياسييەى له ولاتانى جيهاندا هەيە، بگۆڕدرێ بە هۆشيارى ئابوورى و هەر دەوڵەتە له سنوورى تەسكى ناوچەييدا بير نەكاتەوە و، هەڵوێستێكى

گەردوونی وەرگریٚ ، دەتوانریٚ خیٚراتر دوایی بەم نیزامە ئابوورییە جیهانییە جەنگەڵییانە بهیٚندریٚ. پیٚویستی سەر شانی هەر دەوڵەتیٚکە یەکەم نەخشەی پەرەسەندنی بۆ پیٚشخستنی کشت و کاڵ و بەرهەم هیٚنانی خواردەمەنی تەرخان بکا.. ئەمە پیٚویستی بە سنعەتی قوورس نییەو بە ئاسانی دیٚتەدی و ئەو دەوڵەتانە والیٚدەکا بتوانن خۆیان بەخیٚو بکەن و پیٚویستیان بە هیٚنانە ناوەوەی ، یان یارمەتی دەوڵەتە سەرمایەدارییە گەورەکان نەبیٚ.

ئیٚستا ئەوروپا – لە سنووری کۆمەڵگای ئابووری ئەوروپی دا ( E. E. C) دەمیٚکە ئەو سیاسەتەی گرتۆتە بەرو ، دەوڵەتەکانی ئەوروپا پارەیەکی زۆر بۆ پشتگیری کردنی بەرهەم هیٚنانی کشت و کاڵی و خواردەمەنی ( گۆشت و شیر و کەرە و پەنیر) و هەموو جۆرە خواردەمەنییەکی تر بەکار دەهیٚنن... بۆیە ئیٚستا زیٚدە بەرهەمیٚکی زۆریان هەیە کە بە هەرزان بە یەکیٚتی سۆڤیەتی دەفرۆشن ، یان وەك یارمەتی بۆ هەندیٚ وڵاتانی جیهانی سیٚیەم ، ساغی دەکەنەوە. بەڵام ئەم کارە ، وەك هەموو پرۆژەیەکی دی ، پیٚویستی بە بیرکردنەوە و نەخشەی نوێیە... پیٚویستی بەو ( میٚشکانە) هەیە کە تیٚ دەگەن... پیٚویستی بە بیرکردنەوەیەکە لە پیٚش هەموو شتیٚکدا ڕیٚزی ژیانی مرۆڤ و مافی مرۆڤ بگریٚ و... ئەوسا نەخشەی پیٚویست – سیاسی – ئابووری – کەلتوری – بۆ دابین کردنی ئاشتی و مسۆگەر کردنی پەرەسەندنی شارستانی و زامن کردنی سەربەخۆیی نەتەوەیی لە چوارچیٚوەی هاوکارییەکی ناوچەیی فراواندا کە لە سنووری یەك نەتەوە دەچیٚتە دەرەوە و کۆمەڵە نەتەوەیەك دەگریٚتەوە هەر وەك چۆن لە ئەوروپادا دەبینین.

گەلانی جیهانی سیٚیەم کە زۆربەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان پیٚك دیٚنن ، دەتوانن دەنگی خۆیان یەکخەن و تاقیکردنەوە و ئەزموونی خۆیان ، بۆ دامەزراندنی پرۆژەی هاوبەشی و ، هیٚزی خۆیان بۆ هیٚنانە کایەوەی نیزامیٚکی ئابووری نوێی دادپەروەرانە بەکاربیٚنن. بەڵام پیٚش ئەمەی ئەوە ببیٚتە راستی ، دەبیٚ حکومەتە دکتاتورییەکان ، ڕژیٚمە سەربازییەکان، پاشانشینە ڕزیوەکان و هەموو بنکەکانی هیٚزی جەنگەڵ تەفرو تونا بکریٚن و بچنە زبڵخانەی میٚژوووەوە....

هیٚزی گەردوونی مرۆڤ ، لە بازدانیٚکی میٚژوویی نوێدا، لە توانایدا هەیە ، ئەم ئاکامە بە دەست بیٚنیٚ.

ئەوەی ڕواڵەتی شارستانیی و هیٚزی گەردوونی مرۆڤ ، بە شیٚوەیەکی سەرەکی، پیٚك دیٚنیٚ ئەوە نییە کە بتوانیٚ شت درووست بکا... بەڵکو ئەوەیە کە دەتوانیٚ پیٚکەوە بژی... و ( توانای شت درووست کردن) لە ڕاستی پیٚکەوە ژیان و بۆ سەرخستن و پتەوکردنی ئەو پیٚکەوە ژیانە سەری هەڵداوە.....

بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر زەمینی مرۆڤدا ، وەك مرۆڤ ، بە ئاشتی و بەختیاری پێکەوە بژین ، دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا خۆمان لە بیرکردنەوەی جەنگەڵ و یاسای جەنگەڵ و شێوە پەیوەندیەکانی جەنگەڵ دەرباز بکەین... دەبێ بزانین پێکەوە بژین.. دەبێ زمانێکی نوێی و فەرهەنگێکی نوێی بیرکردنەوە و هاوکاری گەردوونی درووست بکەین. (شوباتی 1984)